# سووکایەتیکردن بە ئاڵا و مێژووی کوردستان

## نورەدین وەیسی

لە وتارێکی بێ سەروبەرو پڕ لەهەڵەی ڕێنووس وزمانەوانیدا ، بەڕێزکەمال سەید قادر نووسینێکی لەبارەی ئاڵای کوردستانەوە بڵاوکردۆتەوە کەجیا لەچەندین هەڵەسووکایەتیش بە ئاڵای کوردستان دەکات وبەهی سەفەوییەکانی دەزانێت.!

ئەم هێرشەی د.کەمال سەید قادر بۆ سەرئاڵای کوردستان دوابەدوای وتارێکی دێت کە لەسەر شۆڕشی ئەیلوول وسەرکردەی مێژوویی کورد مستەفا بارزانی بە کوردی وعەرەبی وئینگلیزی بڵاوی کردەوەو بووە مایەی ناڕەزایی ژمارەیەکی زۆری رۆشنبیرانی کورد هەربۆیەش تەنها یەك سایتی کوردی ئامادەبوو وتارەکە بڵاو بکاتەوە، لەو وتارەدا کەمال سەید قادر دەڵێت( مەلا مستەفا بارزانی کەتا ئێستا بە ڕێبەرێکی مێژوویی کورد دادەنرا راستییەکەی نەرێبەربوو نەمێژوویش بوو بەڵکو سیخوڕێکی دەسگای هەواڵگری سۆڤییەت KGB بوو ، ئەوەی پێشی دەگوترێت شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە بارزانی ساڵی 1961 هەڵیگرساند نە شۆڕش بوو نە مەزنیش بوو بەڵکو یەکێك لە کاروچالاکییە نهێنیەکانی ئەوکاتی KGB بوو بۆ تێکدانی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست وپەردەپۆشکردن وسەرنج لابردن لەسەر قەیرانی بەرلین)) سایتی (ژ: 1670الحوار المتمدن 2006/9/11).

دیارە بارزانی کەسێك نییە لەهەڵە بەدوور بێت وئاساییشە دەیان هەڵەی کردبێت بەڵام بەپێچەوانەی قسەکانی کەمال سەید قادر مستەفا بارزانی سەرکردەیەکی مێژوویی کوردەولە نیو سەدەی رابردوودا بارزانی دیارترین وهەڵکەوتووترین رێبەری کوردە،ئەم راستییەش دۆست ودوژمن دانیان پێداناوەو دەیان ژێدەری بیانی وکوردیش لەسەر رۆڵی مێژوویی و کاریگەرانەی بارزانی لە نیوسەدەی رابردوودا هەن ، ئەوەی زۆر جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کەسێك خۆی بە مرۆڤێکی ئەکادیمی بزانێت کەچی قسەی گۆترەو نازانستی وبێ بەڵگە بکات یان دۆکیومێنت وبەڵگەنامەکان بۆ مەبەستێکی تایبەتی ئاوەژوو بکات و پێشنیازێکی KGB بۆ سوود وەرگرتن لە بارزانی بە سیخوڕ بزانێت، ئەگەربەو لۆجیکە بکەین ئەوە دەتوانین کەمالی سەید قادریش بە سیخوڕی CIA بزانین چونکە دووساڵ لەمەوبەر بەشداری لە خوولێکی هاوبەشی وەزارەتی بەرگری ودەرەوەی ئەمریکا کردووە لەپێناوکارکردن لەگەڵ ئەمریکییەکان لە عیراقدا؟

لەمەڕ پرسی ئاڵاوە دیسان د.کەمال تووشی کۆمەڵێك هەڵەی زۆر زەق بووەولەکن وی (هەموو ئاڵایەك ئاڵای کوردستانی لێ دەربچێت،بەرهەمێکی مێژوویی وکولتووری ئەو لایەنەیە کوا هەڵی دەبژێرێت) لەکاتێکدا مەرج نییە ئاڵا هەمیشە هەڵگری سیمبولێکی مێژوویی وکەلتووری بێت ،چونکە بەدەیان ئاڵای وڵاتان هەن تەنها بریتین لە یەك ڕەنگ یا دوورەنگ و سێ ڕەنگ بەبێ هیچ شتێکی تر ، ئیدی نازانم بۆلای کەمال سەید قادر سەوزو سپی و سووری ئاڵای ئیتاڵیا و شین وسپی وسووری ئاڵای فەرەنسا بەبەرهەمی مێژوویی وکەلتووری ئیتالیا وفەرەنسا دابندرێن بەڵام سوورو سپی وکەسك ورۆژەکەی ئاڵای کوردستان هیچ مانایەکیان نییە ؟!

وەك زۆر نووسەری عەرەب وبیانی وهەندێك کوردیش، کەمال تووشی ئەو هەڵەیە بووە کە ئەو ئاڵایەی ئێستای کوردستان ئاڵای کۆماری کوردستانە لە مەهاباد ، لەکاتێکدا ئاڵای ئێستای کوردستان وەك لەچەندین سەرچاوەدا هاتووە لەلایەن کۆمەڵەی خۆیبوون وکۆماری ئارارات بەسەرکردایەتی ئیحسان نوری پاشا لەساڵی 1927-1931 هەڵدراوەو پاشان لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد بەسەر ڕۆژەکەوە قەڵەمێك, لەملاو لەولاودوو گوڵەگەنم بە ڕەنگی زەرد زێدەکران ، زۆر ئاساییشە

ئاڵای كوردستان لەگەڵ ئاڵایەكی دی هەندێك لێكچوون ونزیكیشی هەبێت ،چونكە ئەگەر سەرنج لەئاڵای وڵاتان بدەین زۆر ئاڵا لەیەك دەچن ، بۆ نموونە ئاڵای ئیتالیا وئێران رەنگەكانیان یەكە ئایا دەكرێ بڵێین ئیتالیا رەنگەكانی لە ئێران دزیووە یان بە پێچەوانەوەوە؟هەروەها ئاڵای ئیتالیا وهەنگاریا یەك رەنگیان هەیە بەڵام هەنگاریا سوورەكە لەسەرەوەی سپی وسەوزەوەی ئیتالیا سەوزەكە لەسەروەیە، ئیدی بۆچی هەنگاری وئیتالێەكان داوای گۆڕینی ئاڵاكەیان ناكەن؟، تەنانەت هەندێكجار ئاڵای وڵاتان كت ومت لەیەك دەچن و نیمچە كێشەی دیبلوماسیش دەنێنەوە بۆ نموونە ئاڵای رۆمانیا وچاد تەواو وێكدەچن كە بریتین لە رەنگەكانی سوورو زەردو شین تەنها ئەو جیاوازییەیان هەیە كە شینی ئاڵاكەی چاد كەمێك تۆخترە، بۆیە قسەكانی كەماڵی سەید قادر لەمەڕ ئەوەی ئاڵای كوردستان ئاڵای ئێران وسەفەوییەكانە تەنها لەبەر ئەوەی رەنگەكان لەیەك دەچن  جگە لە سووكایەتیكردن بە تاكە سیمبول وهێمایەك كە ئێستا كوردی هەموو پارچەكانی كوردستان لەسەری كۆكن هیچی تر نییە.

گۆڕینی ئاڵای كوردستان تاوان نییەو كارێكی ئاساییشە ئەگەر پێویست بكات ، بەڵام گۆڕینی لە ئێستادا كە كورد هیچ قەوارەیەكی سەربەخۆی دان پێدانراوی نیە تەنها خۆسووككردن وتێكدانی هێمایەكی لەیەك نزیكبوونەوەی كوردە، ئەوانەی دوای گۆڕینیشی دەكەن پێی بزانن یان نا دژی ئەو نزیكبوونەوەیەن  ودەبنەهابۆچوونی ئەو بەعسیانەی كە لەڕقی داواكردنی گۆڕینی ئاڵای عیراق داوای گۆڕینی ئاڵای كوردستان دەكەن.

هیوادارم ئیدی بەڕێز كەمال سەید قادر واز لە سووكایەتیكردن بە مێژووی كوردو سیمبولەكانی بهێنێت وچیتر دڵی شۆڤێنیستانی دژبەكورد خۆش نەكات.

- دەربارەی ئاڵای كوردستان :

http://www.answers.com/topic/kurdish-flag



ئیتاڵیا



ئێران



هەنگاریا

رۆمانیا



©EnchantedLearning.com



چاد